شانشینی بریتانیا کەمەکوژی دژ بە ئێزیدیەکان بە جینۆساید ناساند

وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، بەشوێنکی فەرمی ڕایگەیاند کە ئەمە سەشەممە شانشینی یەکگرتووی بریتانیا، تاوانی چەکدارانی داعش بەرامبەر بە ئێزیدیەکان لەساڵی 2014 بە جینۆساید ناساند.
وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، ئەمە سەشەممە شانشینی یەکگرتوو بە فەرمی دانی بەوەدا ناوە کە داعش لە ساڵی 2014 کەمەکوژی لە دژی ئێزیدییەکان ئەنجامداوە.
لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، "حکومەتی بریتانیا ئەو کردەوانەی کە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە ساڵی 2014 لە عێراق دژی ئێزیدییەکان ئەنجامیاندا، بە جینۆساید زانی".
لە ڕاگەیەندراوەکەی حکومەتی بریتانیا ئاماژە بەوەشکرا، "شانشینی یەکگرتوو بە فەرمی دان بە پێنج حاڵەتی جینۆساید دا دەنێت، ئەوانیش هەڵەکەست، ڕواندا، سرەبرینیکا، جینۆساید لە کەمبۆدیا و کەمەکوژی دژی گەلی ئێزیدی".

لەم بارەیەوە، وەزیری پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، لە حکومەتی بریتانیا ڕایگەیاند: ”ئێزیدییەکان ئازاری زۆریان چێژت لێژێر دەستی چەکدارانی داعش، تاکوو ئێستا شوێنەواری تاوانی ئەم گرووپە دژ بە ئێزیدیەکان دیارە، بەیە گەیاندنی دادپەروەری پێویستە بە ئەو کەسانەی کە

ژیانیان وێران بوو".